# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە هەناسەدان لە ناو پەرداخدا، یان لە فووکردن بە ناویدا

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە هەناسەدان لە ناو پەرداخدا، یان لە فووکردن بە ناویدا».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا ڕوونکردنەوەی ئادابەکانی خواردن وخواردنەوەی تێدایە، ولەو ئادابانەش لێرەدا باسکراوە نەهی کردنە: 1/ لە هەناسەدان: لە ناو پەرداخی خواردنەوە ولەسەر دەفر ومەنجەڵی خواردنەوە، 2/ فووکردن: بەسەر دەفر ومەنجەڵ وبە ناو پەرداخدا. سەبارەت بە هەناسەدان لە ناو پەرداخ یان بەسەر دەفر ومەنجەڵدا گەلێک زیانی تێدایە: وەکو خەوشدارکردنی پەرداخ وخواردنەکە لەسەر ئەو کەسەی دەیخواتەوە لە پاش کەسی یەکەم، هەرچەندە باشتر وایە پەرداخەکە بشۆردرێت پاش ئەوەی کەسێکی تر لێی خواردەوە چونکە ئەمە پاکژترە، وهەروەها خواردنەوە وهەناسەدان لە یەک کاتدا لەوەیە ببێتە هۆی خنکاندن ودەرنەچوونی هەناسە، وخواردنەوە هەروەکو لە سونەتدا هاتووە بە سێ هەناسە دەبێت لە دەرەوەی پەرداخەکە، وئەمیش وا دەکات خواردنەوەکە بە چێژتر بێت وئاسانتر بێت بۆ لاشە کە هەرسی بکات، وهەروەها لە فەرموودەکە نەهی کراوە لە فووکردن بە ناو پەرداخ یان بەسەر دەفری خواردن یان بە ناو مەنجەڵی خواردنەوەدا بۆ ئەوەی خواردن یان خواردنەوەکە سارد ببێتەوە، وئەمیش بۆ پاراستنی خواردن وخواردنەوەیەکەیە لەو شتانەی لە دەمی ئەو کەسەی فوو دەکات دێتە دەرەوە لە هەوای ناپاکژ وبۆنی ناخۆش وشتی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58123

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee